# من بۆم هەیە لەگەڵ هەرکەس کە خۆم دەمەوێت هاوسەری بگرم



**Sorani**

# ئەمە بە لاتەوە ئاشنایە؟

## ئایا نیگەرانی ئەوەیت کە تۆ.....

... بۆت نەبێت لەگەڵ ئەوەی کە دەتەوێت هاوسەری بگریت؟
... بۆت نەبێت حەز لەوە بکەیت کە لە تووخمی خۆتە؟
... بۆت نەبێت جیاببیتەوە ئەگەر هاوسەرت هەیە؟

لەم نامیلکەیەدا بۆت هەیە بزانیت لە کوێ یارمەتی وەردەگریت
ئەگەر پێویستت بوو لەگەڵ کەسێکدا بدوێیت.

" ... من وا هەستم کرد کە کراوم بەدووکەرتەوە.
کەرتێک لەمن مریەمە شووکردوەکە بوو کە خەریکی
خێزان درووستکردن بوو لەسەر داخوازی خزمان،
کەرتەکەی تر کچێکی گەنجی خوێندنگای ئامادەیی کە
وەک شێت بیری برادەرانی و کوڕە حەزلێکردوەکەی
لە ماڵەوە لە سوید دەکرد."

(کیژێکی گەنج)

# ئایا لە سوید چی کاری پێدەکرێت؟

- *تۆ مافی هەڵبژاردنی ئەو کەسەت هەیە کە دەتەوێت هاوسەری لەگەڵدا بگریت.*
- *ئەوانەی کە هاوسەری دەگرن دەبێت خۆیان لە شاییەکەدا لەگەڵدا بن وە ڕازی بن بەو هاوسەرییە چوونکو خۆیان دەیانەوێت.*
- *تۆ دەبێت لای کەم ١٨ ساڵ بیت بۆ ئەوەی هاوسەری بگریت.*
- *تۆ دەتوانیت هاوسەری بگریت بە مۆڵەتی تایەبەتییەوە ئەگەر هۆکاری دیاریکراو لە ئارادا بێت بام لەژێر ١٨ ساڵیشەوە بیت.*
- *ئەوە نا یاسییە کە بە زەبری توندوتیژی و هەڕەشە زۆر لە یەکێک بکرێت کە هاوسەری بگرێت.*
- *تۆ کە هاوسەرت هەیە مافی دەستلێکبەردانیشت هەیە.*

(بەپێی یاسای سویدی)

"...باوانم هەر لە ئێستاوە بڕیاریان گرتوە
من لەگەڵ کێدا هاوسەری بگرم...
ئایا من مافی ئەوەم نییە کە خۆم بڕیار بگرم
لەگەڵ کێدا هاوسەری بگرم؟؟؟
مەردی چابن یارمەتیم بدەن..."

(کیژێکی گەنج، ١٥ ساڵ)

# لێرەدا یارمەتی هەیە

## تۆ دەتوانیت بەوە دەستپێبکەیت کە لەگەڵ گەورەساڵێکدا بدوێیت کە دەیناسیت و متمانەت پێیە.

### خوێندنگا

پەیوەندی بە مامۆستایەکەتەوە، ڕابەری کۆمەڵایەتی خوێندنگا یان پەرستداری خوێندنگاوە بگرە.

### بەشی پێشوازی گەنجان (Ungdomsmottagningen)

لە بەشی پێشوازی گەنجان ١٣ – ٢٥ ساڵان یارمەتی لە پرسی جۆراوجۆردا وەردەگیرێت. لە umo.se دەتوانیت پرسیارێک بکەیت بە بێ ئەوەی باس لەوە بکەیت کە تۆ کێیت وە وەڵامت لە کەسێکەوە بدرێتەوە. تۆ دەشتوانیت هەروەها ئەدرێسی بەشی پێشوازی گەنجانی نزیک لە خۆت ببینیتەوە.

**ماڵپەڕ www.umo.se**

### ئێشکگری کچان (Tjejjouren)

لە ئێشکگری کچان، کچان لە کاتی ئازادی خۆیاندا کاردەکەن بۆ پشتگیریکردن و پتەوکردنی کچانی گەنج. ئەوان دەتوانن لەگەڵتا بێن ئەگەر ویستت پەیوەندی بە خزمەتگوزاری کۆمەڵایەتییەوە یان پۆلیسەوە بگریت. لە tjejjouren.se دەتوانیت مایل بنێریت، شات بکەیت یان ئێشکگرییەک(بنکەی یارمەتی ناکاو) نزیک خۆت ببینیتەوە.

**ماڵپەڕ www.tjejjouren.se**

### هێڵی تەلەفۆنی ئاشتی و ئاسوودەیی ژنان (Kvinnofridslinjen)

هەموان دەتوانن تەلەفۆن بۆ هێڵی تەلەفۆنی ئاشتی و ئاسوودەیی ژنان بکەن وە پشتگیری و ئامۆژگاری وەربگرن. ئەوان هەروەها تەرجومانیشیان هەیە کە بە زمانی تر جگە لە سویدی دەدوێن. قسەکردن بە تەلەفۆن بە خۆڕاییە و لەسەر فاتورەی تەلەفۆن نابینرێت. هەمیشە کەسێک هەیە کە وەڵام بداتەوە.

**ماڵپەڕ www.kvinnofridslinjen.se**

**تەلەفۆن tfn: 020-50 50 50**

### ماڵپەڕی پرسی کوڕان (killfrågor.se)

ەدا دەتوانیت مایڵ بنێریت و شات لەگەڵ برادەرانی کوڕ کە بۆ ئەم بەستە خوێندویانە بکەیت.

**پەڕ www.killfrågor.se**

## ماڵپەڕی پرسی لەمەڕ شەرەف (heder.nu)

ئەگەر تۆحەز لە هاوتووخمی خۆت دەکەیت(دوودەکی، حیز)(هۆمۆسێکس)، حەز لە تووخمی جیاواز(بی سێکس) یاخود (ترانسسێکس) واتە خۆنواندیان خۆگۆڕین بۆ تووخمێکی تر، ئەوا دەتوانیت یارمەتی، پشتگیری وە زانیاریت لە heder.nu دەستبکەوێت تۆ دەتوانیت بە خۆڕاییش مایڵ بنێریت یان تەلەفۆن بکەیت.

**ماڵپەڕ www.heder.nu**
**تەلەفۆن tfn: 0200-160 160**

## مافەکانت (Dina rättigheter)

لێرەدا دەتوانیت لەسەر مافەکانت بخوێنیتەوە، مایڵ بنێریت یان شات بکەیت.
**ماڵپەڕ www.dinarattigheter.se**

## خزمەتگوزاری کۆمەڵایەتی (Socialtjänsten)

خزمەتگوزاری کۆمەڵایەتی لە لایەن شارەوانییەوە بەڕێوەدەبرێت وە هەموو ئەوانەی لە سوید دەژین دەبێت بتوانن یارمەتی وەربگرن ئەگەر پێویستیان پێبوو. ئەدرەس و ژمارە تەلەفۆن لە شوێنی وێب ی شارەوانیدا دەبینیتەوە. هەر لەوێش ژمارە تەلەفۆنی ئێشکگری کۆمەڵایەتی(بنکەی یارمەتی ناکاو) کە دەتوانیت بە ئێواران، شەوان وە ڕۆژی پشوەکان تەلەفۆنیان بۆ بکەیت.
**ماڵپەڕ www.skl.se/web/kommuner**

## پۆلیس

تەلەفۆن بکە بۆ ١١٢ ئەگەر هەڕەشەتلێکرا، دەرەوەت لێ قەدەغەکرا یان لێتدرا.
ماڵپەڕ **www.polisen.se/komtilloss.se**
**تەلەفۆن tfn: 112**
**تەلەفۆن لەدەرەوەی وولاتەوە tfn från utlandet: +46 771 14 14 00**

## زانیاری پتر

پتر لەسەر ئەو یارمەتییانەی کە بۆ نموونە لەلایەن خزمەتگوزاری کۆمەڵایەتییەوە دەتدرێتێت لێرەدا بخوێنەرەوە
**ماڵپەڕ www.umo.se**

**لێرە پێویست ناکات باس لەوە بکەیت کە تۆ کێیت ئەگەر خۆت نەتەوێت.**

# ئەمایت بۆ دەرەوەی وڵات بڕۆییت

## - بیریلێبکەرەوە !

**بەشێک لە کچان و کوڕان زۆریان لێدەکرێت کە هاوسەری بگرن کاتێک لە گەڵ خێزانەکەیاندا بۆ دەرەوەی وڵات دەچن. ئەگەر تۆ نیگەرانی ئەوەیت ئەوا تەنها هەوڵ بدە لە ماڵەوە بمێنیتەوە و سەفەر نەکەیت.**

پێش سەفەرەکە دەتوانیت قسە لەگەڵ گەورەساڵێک کە خۆت متمانەت پێیە یاخود کەسێک لە خز
مەتگوزاری کۆمەڵایەتی یان پۆلیس بکەیت. ئەوان دەتوانن یارمەتیت بدەن بۆ ئەوەی پێویست نەکات سەفەرەکە بکەیت.

ئەگەر هەر ناچار بویت سەفەر بکەیت وە دووچاری کێشە بویت پەیوەندی بە سەفارەتی سویدەوە لەو وڵاتەی کە لێیت بگرە.
لە زووربەی وڵاتەکاندا سەفارەتی سویدی یان کۆنسوڵ هەن کە یارمەتی سویدییەکان کە لە دەرەوەی وڵاتن دەدەن.

بەڵام لەوانەیە بۆ پۆلیس، خزمەتگوزاری کۆمەڵایەتی وە سەفارەتی سویدی سەخت بێت کە تۆ
لە سوید نەبیت لەبەر ئەوەی کە وڵاتانی تر یاساگەلی تریان هەیە.

## زانیاری پتر

ئەدرەسی سەفارەتە سویدیەکان ببینەوە وە پتر لەسەر جۆری ئەو یارمەتییەی کە دەتوانیت دەستتکەوێت بخوێنەوە.
ماڵپەڕ www.regeringen.se
(کلیک لەسەر سەفارەت، کۆنسوڵ وە ئامۆژگاری سەفەر بکە)

# لیستی تێڕوانین پێش سەفەر

**مۆبایلەکەت و کارتی سیم ی زیادە لەگەڵ خۆتدا پێبێت!**

**پەیوەندی بگرە بە**

- ☐ کەسێک کە متمانەم پێبێت
- ☐ خزمەتگوزاری کۆمەلایەتی
- ☐ پۆلیس .

**ئەوەی بە کەسەکەی بڵێیت**

- ☐ کە من لە( ڕێکەوتی) دەگەڕێمەوە ماڵەوە
- ☐ کە ئەو پەیوەندی بە شارەوانییەوە بگرێت ئەگەر ئەو کاتە نە گەڕامەوە ماڵەوە
- ☐ کە ئەو کەسە پەیوەندی بە سەفارەتی سویدییەوە بگرێت لەو وڵاتەی کە تێیدام ئەگەر لە کاتی خۆیدا نە گەڕامەوە ماڵەوە.

**ئەمانە بەو کەسە بدە**

- ☐ کۆپی پاسپۆرتەکەم
- ☐ ژمارەی تەلەفۆنەکەم
- ☐ ئەدرەسی مایڵەکەم .

**بیرتبێت ژمارە تەلەفۆن و مایڵەکەت لەگەڵ خۆت بەریت بۆ**

- ☐ ئەو کەسەی کە خۆم قسەم لەگەڵدا کردووە
- ☐ خزم و برادەر کە بتوانن یارمەتیم بدەن
- ☐ سەفارەتی سویدی .



دەستەی کارگێڕی گەنجان دەستەڵاتدارییەکە کە
زانیاری لەسەر  هەلوومەرجی ژیانی گەنجان دێنێتە
کایەوە. ئێمە پشتگیری لە ژیانی کۆمەڵە و
شارەوانییەکان دەکەین هەروەهاش هاریکاری
جیهانی دەکەین.

ئەم نامیلکەیە دەتوانرێت داگیرێتەوە لە

**www.ungdomsstyrelsen.se/olikasprak**



UNGDOMSSTYRELSEN
www.ungdomsstyrelsen.se